گەنجە بێ هیواکانی کوردستان سڵاوی پڕلەخەمتان لێبێت .. سۆزنامەیەک بۆ ئەو گەنجانەی کە وڵات جێدەهێڵن ... هەستیار غەمگین

بڕیار نەبوو دوای ئەو هەموو بابەتەی لەسەر کۆچی ئەو ڕەوەندەی ئەم دواییەی گەنجان بنووسم و هیچی تر سۆزو عاتیفەی خۆمیان بۆ هەڵڕێژم.
لەبەر ئەوەی چەندین بابەت و چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتم لەسەر مەسەلەی گەنجان و کۆچی ئەم دوایەیان ئەنجامدا
دەرەنجامەکەشی هەر ئەوە دەر دەچوو کەمنیش دەستم بە بەتاڵی لەبنی هەمبانەکە بێتە دەرێ. نەك هەر من نوسینم لەسەر کۆچ نوسیبێت و خۆم تەنها بەخاوەنی بزانم نا، بەڵکو دەیانی لەمن باشتر هاتن و بە فۆرم و شکڵی جۆراو جۆرەوە لە سەر ئەو بابەتە دەست پێشخەرییان کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی سەرەتای زمان پژانی پێنوسم بەنوسین لەبواری گەنجدا دەست پێکرد و لەبواری کێشەو ئاریشە جۆراو جۆرەکانی ئەو تویژەدا بوو نەم توانی بۆ ئەم جارەش بێدەنگی هەڵبژێرم وەکو نوسەرە گەورەکانمان کردیان، ئەوانەی گەنجان کردبویاننە کاریزماو بەبێ ئەوەی هیچ حسابێکیان بۆ بکەن شەڕیان لەسەر فیکرو بۆ چونەکانیان دەکرد.
من هەمیشە خۆم بە قەرزاری ئەو تویژە دەزانم کە دەروازەی ویژدانمی کردوەو فێری کردم بزانم خەمی گەنجانی وڵاتەکەم چیە.
بۆیە ئێستا کەلێرەو لەوێ هەواڵی ئەو گەنجانە دەبیستم کە لە سنورەکانی تورکیاو یۆنان دەگیرێن و بەو پەڕی سوکایەتی پێکردنەوە ڕەوانەی عێراق دەکرێنەوە، کسپەی نا ئومێدی لەدڵمەوە دێتەدەری، کە هەواڵی ئەو گەنجانە دەبیستم لە شاخە سەخەکانەوە هەڵدە دێرێن و دەبنە خۆراکی سەگ و دڕەندەی تر، یان لەنێو دەریاو لیتەکاندا نغرۆدەبن بە خۆیان و ئەو هەموو خۆزگەو خەونەیانەوە کەلە وڵاتە کوردیەکەی خۆیاندا بۆیان نەهاتە دی و ویستیان لەهەندەران بیهێننە دی بەڵام بۆیان نەڕەخسا ئەوا تەواوی گیانم نوقمی ئازارو خەم دەبێت.
یەکێك لەو گەنجانەی کە بەم دوایانە سەفەری کردبوو سنور داش کرایەوە، دەیوت کوڕێکمان لەگەڵدا بوو شارەزای ئەو ناوچانە بوو کە پێیدا دەڕۆیشتین دەیوت، خەمتان نەبێت، ڕزگارمان دەبێت، دەگەینە شوێنی مەبەست، هەمومان ئاسودە دەژین، بەڵام وتی، هێندەی پێنەچوو لیتەکە قوتی داو نەگەیشت بەو ئاسودەییە، هەر وەها وتی لەو بەشەی ئێمەدا پێنج کەس خنکان کە خەڵکی شوێنە جیاجیاکان بوون.
دەیوت ئێمەش کەوتینە دەستی جەندرمە بێ ڕەحمەکان ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان سوکایەتیان پێکردین و پاشان ناردیانینەوە بۆ دۆزەخەکەمان بۆ کوردستان.
من زۆرم پێ سەیرە! دەسەڵاتی کوردی هێندە خەمساردە لەم مەسەلەیە! دەمی هەر یەك لە مەسئولین و کاربەدەستان دەکەیتەوە دەڵێت: گەنجانمان نەوەی دواڕۆژی گەلەکەمانن و پێویستە مافەکانیان بۆ دابین بکەین و نەهێلین چیتر ئازارو ناخۆشی ببینن، بەڵام نازانم کەی ئاوڕێکی جددی لەو هەموو گەنجە بێ هیوایە ئەدەنەوە و وایان لێدەکەن وڵاتیان لا خۆشەویست بێت، کەی کارێکی وادەکەن کە تەعویزی ئەو نەوەی دواڕۆژە بکەنەوە، بۆ بێدەنگن لە ئاست ئەو هەموو سوکایەتیەی کە بەگەنجانی وڵاتەکەیان دەکرێت؟!
یان ئەو گەنجانە بەنەوەی خۆی نازانێت، لەبەر ئەوەی ناڕازین بەدەسەڵات و حوکمیان، بەڵام بیریان چوو هەر ئەوگەنجانە بوون کە لیستی هاوپەیمانی حەوسەدو سیان بەرزکردوەو ئێستا دوای بێ

هیوابوون لە جێ بەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی پێیان دابوون وڵاتیان بۆ جێدەهێڵن، تکایە تۆزێ خەمی ئەو هەموو لاوە بخۆن کەنازانن بۆ کوێ سەری خۆیان هەڵدەگرن، تکایە لەنزیکەوە لە کێشەکانیان بکۆڵنەوە بزانن بۆ ئەم وڵاتە بەهەشتە جێدەهێڵن؟! لەچیان کەمە؟!

تۆ بڵێی ئەوانە نمەك نەشناس بن کە قەدری حکومەتە کەیان نازانن، یان ئەوە حکومەتەکەیانە لە ئاست بەڵێنەکانیدانیە؟! تکایە بیرێك لەو نەوە نوێیە بکەنەوە کە هەر خۆتان گوتەنی نەوەی گۆڕان و ڕیفۆرم و سەدەی بیست و یەکە...

Hastiar2006@yahoo. com